Safe Online

SEED

# بەرەو پانتاییە دیجیتاڵییە سەلامەتەکان:

## گرنگی یاسادانان لە چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا



وێنە: ژنێکی گەنج ئامادەی یەکێک لە دانیشتنەکانی هۆشیاریی سییدە لەسەر سەلامەتی ئۆنلاین. دهۆک - عێراق. ©SEED، ٢٠٢٤

## خشتەی ناوەڕۆک

پێشەکی.......... ٤
تێگەیشتن لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی.......... ٤
رۆڵی یاسادانان لەچارەسەرکردنی توندتیژی ئەلکترۆنیدا.......... ٥
پێوەرە نێودەوڵەتییە پەیوەندییدارەکان.......... ٦
ژینگەی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.......... ٩
چی وا دەکات کە چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز دروست بێت بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.......... ١١
پێشنیارەکان.......... ١٣


مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥

# بەرەو پانتاییە دیجیتاڵییە سەلامەتەکان:
## گرنگی یاسادانان لە چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا

**نووسەر: کریستن پێری، ڕاوێژکاری باڵای پەیرەو و داکۆکیکردن - سیید**

**سوپاس و پێزانین:** نووسەر پێیخۆشە سوپاسگوزاری خۆی ئاراستەی بەڕێز عەدنان قادر بکات لەهەمبەر بەشدارییە بەبەهاکانی، و هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی بەم کارەدا چوونەوە، سوپاس بۆ هاوکاریتان.

**ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە:** حوزەیرانی ٢٠٢٥

**سیید** ڕێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆییە کە کۆمەڵێک ژن بەڕێوەی دەبن و لە هەرێمی کوردستان - عێراق کار دەکات. سیید پابەندە بە ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو لەڕێگەی برەودان بە پاراستنی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی مرۆیی. سیید پاڵپشتی تاک دەکات و کۆمەڵگە بەهێز دەکات و سیستەمەکان پتەو دەکات بۆ هێنانەکایەوەی گۆڕانکاری دوورمەودا و دەرفەتی یەکسان. لەڕێگەی جەختکردنەسەر هەماهەنگی، برەو بە یەکسانی جۆری کۆمەڵاتی و پاراستنی منداڵ و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و باشترکردنی ئاسوودەیی و دەروونتدروستی دەدات. ڕێبازە گشتگیرەکانی خزمەتگوزاری جیاواز و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ڕاهێنان و داکۆکیکردن تێکەڵ دەکات بەمەبەستی ئافراندنی کاریگەرییەکی دوورمەودا. سیید پابەندە بە ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە کە مافی هەمووان تیایدا پارێزراوە، کە خێزانەکان تەندروستن و کۆمەڵگە بەهێزە، و ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی هەمووان دەکات.

خاوەندارێتی ئەم پوختە تەکنیکییە دەگەڕێتەوە بۆ سیید. هەر بەرهەمهێنانەوەیەک یان بەکارهێنانێک، چ بەشەکی بێت یان بە تەواوی، بێ مۆڵەتی نووسراوی سیید ڕێگەپێدراو نییە. مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ٢٠٢٥.

ئەم بڵاوکراوەیە بە پاڵپشتی دارایی (Safe Online) بە بەرهەم هاتوو. بەڵام بۆچوون و دەرکەوتە و دەرەنجام و ڕاسپاردەکان کە لێرەدا گوزارشتیان لێکراوە تایبەتن بە نووسەر و ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی (Safe Online) نین.


مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥

## پێشەکی

توندوتیژی ئەلیکترۆنی وەك هەڕەشەیەکی نوێ و شاراوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتووە کە کاریگەری قووڵی لە سەر سەلامەتی جەستەیی و دەروونی هەمووان هەیە بەڵام دەرەنجامەکانی بەچەندین جار مەترسیدارترە بۆ هەندێك گروپ کە خۆیان لە بنەڕەتدا لاوازن و لە بەردەم مەترسی زیاتردان لەناویاندا ژنان و منداڵان. چوارچێوەی یاسایی بەرکار لە ئێستادا رۆڵی بەرچاوی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا، بەڵام هەندێک کەلێن و کەموکورتی بنەڕەتی هەر ماونەتەوە. یاسایەکی بەهێز پێویستە بۆ رێکخستنی ڕەفتارە ئەلیکترۆنییەکان و پاڵپشتیکردنی وەڵامدانەوەیەکی سەراپاگیر و گشتگیر بۆ پێشێلکارییەکان لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا، هەرچەندە پرۆسەی داڕشتنی یاسا لەبارەی ئەم بابەتەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و وردە. پێویستە یاسادانەران هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا بۆ رێگریکردن لە زیان و پارێزگاریکردن لە ماف وئازادییە بنەڕەتییەکان لەهەمان کاتدا. پیویستە ئەم هاوسەنگیە لە یاساکەدا بە ڕوون و وردی دارێژرا بێت و رەچاوی ئەوە بکات کە جێبەجێ دەبێت بە سەر شێوازە نوێیەکانی چالاکی تاوانکاری لە ژینگەیەکی خێرا گۆڕاو و گەشەکردوودا. سەرەڕای ئەم ئاڵەنگارییانەش یاسا بنەمایەکی بنچینەیی فەراهەم دەکات کە هەموو پایەکانی وەڵامدانەوە بەرجەستە ئەکات و هەربۆیە بە ستراتیجێکی سەرەکی دادەنرێت لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنیدا[١].

## تێگەیشتن لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی

توندوتیژی ئەلکترۆنی[٢] ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کردار یان ڕەفتاری زیان بەخش کە هەڕەشەیان پێبکرێت یاخود ئەنجام بدرێن یاخود ئاسانکارییان بۆ بکرێت یا قورستر بکرێن لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکانەوە. توندوتیژیی ئەلیکترۆنی جۆرێکی تایبەتی توندوتیژییە کە لە ڕێگەی ئامرازی تەکنۆلۆژییەوە ئەنجام دەدەرێت و پێویستی بە چەند ستراتیجێکی تایبەتە بۆ چارەسەرکردن. کاریگەریی توندوتیژیی ئەلکترۆنی تەنها سنووردار نیە بە جیهانی گریمانەیی (ئونلاین)ەوە، بەڵکو ئەو پێشێلکارییانە راستەقینە و مەترسیدارن و دەتوانن زیانی قورسی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست بکەن بۆ قوربانیان و رزگاربووان. سەرەڕای ئەوەش ئەم کردارانە زۆر جار بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ توندوتیژییە نا ئەلکترۆنییەکاندا یان لەوانەوە سەرچاوە دەگرن یان سەردەکێشن بۆ توندوتیژی نا ئەلکترۆنی وەك بەشێك لە زنجیرەیەکی بەردەوامی توندوتیژیی و فاکتەرێکی زیاترکردنی هەڕەشەکان.

توندوتیژی ئەلکترۆنی دووبارە ئەنجامدان و کۆپیکردنی نموونەکانی تری توندوتیژییە کە لە دەرەوەی رەهەندی دیجیتاڵی دا بوونیان هەیە. بەهەمان شێوەی ئەوەی کە لە جیهانی ماددی (نا ئەلیکترونی) دا هەیە، ئەوانەی کە لە بەردەم بەرزترین پلەی مەترسیدان هەمیشە ئەندامی گروپە لاوازەکانن لەنێویاندا ژنان و منداڵان. ژنان بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ کاریگەریی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیایان لە سەرە. ئەم دەستەواژەیە چەترێکە کە پێشێلکارییە جۆراوجۆرەکان لە دژی ژنان لە خۆدەگرێت کە لە رێگەی تەکنۆلۆژیاوە ئەنجام ئەدرێن یا گەورەتر ئەکرێن. نموونە باوەکان لە عێراق وهەرێمی کوردستاندا بریتین لە هەراسانکردن و گێچەڵ پێکردنی ئونلاین و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی لە سەر بنەمای وینە کە پێشێلکارییەکی مەترسیدارە، دروستکردن یا گرتن یا بڵاوکردنەوەی وێنە یا ڤیدیۆی نەشیاو بەبێ رەزامەندی لە خۆدەگرێت یاخود تەنها هەڕەشەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە بۆ ناچارکردن یا ئابڕووبردن یا ناوزڕاندن یاخود خراپ بەکارهێنان یاخود بۆ هەر مەبەستێکی دیکەی زیانبەخش[٣]. لەهەمان کاتدا، منداڵانیش دەکەونە ژێر مەترسی بەهێزی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیاوە[٤]، کە ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵێک لە تاوانە سێکسیەکان کە دژ بە منداڵان ئەنجام دەدرێن لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی لەناویاندا ملکەچ کردن بۆ کرداری سێکسی و زۆرلێکردن بۆ ئەنجامدانی کردارێکی سێکسی و دەستڕاگەیشتن و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و هەڵگرتنی بابەتەکانی تایبەت بە خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان و بابەتەکانی تایبەت بە خراپ بەکارهێنانی سێکسی منداڵان یاخود لەخشتەبردنی منداڵان و ڕاکێشانیان بۆ ئەم مەبەستانە. لەساڵی (٢٠٢٣) دا، عیراق لە پلەی دەیەمین بووە لەسەر ئاستی جیهان بۆ بەرزترین ڕێژەی کەیسە ڕیپۆرتکراوەکانی تایبەت بە

---

١ بۆ زانیاریی زیاتر و ووردتر لە سەر ئەم پرسە تکایە بڕوانە بڵاوکراوەی چاوەڕوانکراوی رێکخراوی (SEED) بە ناونیشانی: «شیکاری یاسایی: توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (٢٠٢٥)» کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

٢ دەستەواژەی (توندوتیژی ئەلکترۆنی یان ئونلاین) لەم پەیپەرەدا بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی پەیوەندیدار بێت لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. ئەم دەستەواژەیە بە شێوەیەکی هاومانا لەگەڵ دەستەواژەی «توندوتیژی ئاسانکراو بە تەکنۆلۆژیا» بەکارهێنراوە، ونابێ وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە رۆڵی تەکنۆلۆجیای زانیاری وپەیوەندیکردن وتەکنۆلۆجیا دیجیتاڵییەکان کەمدەکاتەوە لە ئاسانکاریکردن و گەورەترکردنی توندوتیژییەکان لە هەردوو ژینگە دیجیتاڵی وناديجیتاڵییەکان.

٣ [توندوتیژی دژ بە ژنان لە پانتایی ئۆنلایندا](#)، (ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN Women) و رووپێوی نیشتمانی (سیید SEED 2023).

٤ هەروەها دەستەواژەی (خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سیکسی منداڵان بە ئۆنلاین) بەربڵاوە لەم بوارەدا. بەهەرحاڵ بەکارهێنانی (ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا) کە هەموارکەرێکی سەرەکییە زیاتر لە دەستەواژەی (ئۆنلاین) وردەکاری پێناسەکاریی زیاتر ئەکات و باشتر رەنگدانەوەی رۆڵی تەکنۆلۆژیا بەرجەستە ئەکات لەرەخساندنی هەل بۆ تاوانەکانی دژ بە منداڵان یا زەقکردنەوەیان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە چاپی دووەمی (ڕێبەرەکانی دەستەواژەکان بۆ پاراستنی منداڵان لە خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی.(ECPAT International 2025).



مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥

خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا لە ڕووی ژمارەی گشتی راپۆرتەکان و ڕێژەی سەدی ڕاپۆرتەکان بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا[٥] [٦].

توندوتیژی ئەلیکترۆنی تارادەیەك هەڕەشەیەکی نوێیە و بەردەوام لە پەرەسەندندایە کە قەبارە و ڕێژەی مەترسییەکەی زیاتر پەرەدەسێنێت بەو پێیەی کە ڕێژەیەکی گەورەتر لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو دەنێت بەرەو بواری گریمانەیی (ئۆنلاین). ئەم زیادبوونە بە هۆی سەرهەڵدانی بەدیجیتاڵیکردن و بڵاوبوونەوەی خێرای تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان و بەکارهێنانی زۆرچڕ بووە لە لایەن بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت لە عێراقدا کە وا ئەخەمڵێنرێت کە ئەمساڵ بگاتە (٩٨٪)[٧]. بۆشایی لە ئاستی هۆشیاری و نەخوێنەواری دیجیتاڵی دۆخەکەی قورسترکردووە و کاری کردۆتە سەر توانای خەڵکانی ژێر مەترسی بۆ پاراستنی خۆیان و ئەوەی بتوانن کە پەیڕەوی ئەو ڕەفتارە ئۆنلاینانە بکەن کە سەلامەتن و بتوانن بەسەرکەوتوویی بگەڕێن لە ژینگەی تەکنۆلۆژیادا. لە زۆر وڵاتانی جیهاندا پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە و مەترسیە هاوپەیوەستەکانیان بە بەردەوامی لە قەبارەی وەڵامدانەوەکانی ئەو بوارە گەورەترن و حکومەتەکان دەخەنە بەردەم ململانێی ئەوەی کە چۆن بتوانن خۆیان بگونجێنن و چارەسەری خێرا بدۆزنەوە بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی. لە کاتێکدا ئەم ئاڵەنگارییە جیهانییە بەڵام کاریگەرییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی قووڵترن- لەبەرئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان و منداڵان تیایاندا بەرزە و میکانیزمەکانی پاراستن تیایاندا کاریگەر نیە و دینامیکیەتە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان مەترسی پەلەی کۆمەڵاتی لەسەر بنەمای شەرەف و تۆڵەکردنەوە لەرزگاربووان دروست دەکەن-.

## ڕۆڵی یاسادانان لەچارەسەرکردنی توندتیژی ئەلکترۆنیدا

تاوان دیاردەیەکی دینامیکی گۆڕاوە و کاتێك پەرەدەسێنێت و دەگۆڕێت پێویستە چوارچێوە و سیستەمە یاساییەکانیش خۆیان بگونجێنن لە وەڵامدانەوەکاندا. لەکاتێکدا ئەکرێت کە چارەسەری هەندێك شێوازی دیاریکراوی توندوتیژی ئەلیکترۆنی بکرێت لە ڕێگەی ئەو یاسا سزاییە بەرکارانەی کە ڕێکخستنی تاوانە تەقلیدییەکان بەڕێوە ئەبەن بەڵام ئەو کەرەستە یاسایانە بۆ ئەوە دانەڕێژراون کە بەکاربهێنرێن لەسەردەمی دیجیتاڵیدا. بەم پێیە ئەو کەرەستە یاساییانە گونجاونین بۆ وەڵامدانەوەی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیە خێرایەکان بە شێوەیەك کە بتوانێ پێشبینی شێوازە تازە دەرکەوتووەکانی ڕەفتارە تاوانکاریەکان بکات و ڕێوشوێنی گونجاو لە خۆبگرێت بۆ لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردن لەم جۆرە تاوانانەدا لە ناویاندا لە ڕێگەی پارێزگاریکردن وبەڕێوەبردنی بەڵگە ئەلکیترۆنیەکانەوە[٨]. لەبەر ئەم هۆکارە، دانانی یاسایەکی ورد وگشتگیر بە ستراتیجێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.

یاسا بناغەیەکی گرنگ فەراهەم ئەکات بۆ وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر بۆ توندوتیژیی ئەلکترۆنی. لە ڕێگەی بە تاوان ناساندنی هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاوانی بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکردنی سزاکانیان و تێهەڵکێشکردنی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە خۆپارێزی و پاراستنەکان و لێپرسینەوە وقەرەبووکرنەوەوە. هەروەها یاسا دەتوانێت کۆمەڵێک پێشبنی و پێوەر دابمەزێنێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕەفتاری ئەلیکترۆنی گونجاو و دیاریکردنی چوارچێوەیەك بۆ لێپرسینەوە لە هەر کەسێک کە ئەو پێوەرانە پێشێل بکات. بەم شێوەیە دانانی یاسا نەك تەنها خزمەت بە پارێزگاریکردن لە مافەکان ئەکات و سەلامەتی دابین ئەکات لە بواری ئەلکترۆنیدا بەڵکو دڵنیایی ئەوەش دەبەخشێت کە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان بناسێنرێنەوە و هەواڵیان لەسەر بدرێت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و یارمەتی قوربانییەکان بدرێت لەسەر ئەوەی کە دەستیان بگات بە دادپەروەریی و سەرچاوەکان و پاڵپشتییەکان لەدوای زیان بەرکەوتنەکەیان. بەبێ ئەوە (واتە بە بێ یاسا) وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی دەکرێت خۆی لە حاڵەتی هەڕەمەکی و پەرتەوازە و سنووردار بێت و ببێتە هۆی دروستکردنی لاوازی کە ئەم هەلەش لە لایەن تاوانبارانی ناوخۆیی و ئەنجامدەرانی تاوانی ئەلکترۆنی بیانی بقۆزرێتەوە کە چاویان لەوەیە کاربکەن لەو وڵاتانەدا کە چوارچێوە یاساییەکانیان لاوازە یاخود هەر نیانە[٩].

دان بەوەدا دەنێین کە پرۆسەی دارشتنی یاسا لەسەر ئەم بابەتە کارێکی قورسە و پێویستی بەوەیە کە یاسادانەرەکان بەناو ئاڵۆزییەکی بەرچاودا بگەڕێن بۆ خۆبەدوورگرتن لە کەمورتیە باوەکان و بۆ زامن کردنی بەرزیی کواڵیتی و کاریگەریی ئەو چوارچێوە یاساییانەی کە بەرهەم دەهێنرێن. ئەو یاسایانەی کە ئامانجیان ڕێکخستنی ڕەفتارەکانە لە ژینگەی دیجیتاڵیدا لەوانەیە خراپ بەکاربهێنرێت یان جێبەجێ

---

٥ [راپۆرتەکانی هێڵی زانیاری سایبەر بە پێی وڵات] (NCMC 2023).

٦ توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا لەبەشەکانی ئەم پەیپەرەدا ئاماژەیان پێکراوە نەك لەبەر ئەوەی کە تەنها جۆری دیاریکراوی ئەم پێشێلکارییانەن لە دژی ژنان و منداڵان بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بەهێمایەك یا نموونەیەکی ڕوون دادەنرێن بۆ ئەو پێشێلکارییانە.

٧ بەپێی ([ئاماری دەرخستەیی دیجیتاڵێتی و پەیوەندیگوزاریی]) بۆ عێراق.

٨ [پێداچوونەوەیەکی سستەماتیکی بۆ یاساکانی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان] (Khan, Saleh, Dorasamy et al., 2022).

٩ [تاوانە ئەلیکترونیەکان چین و چۆن ڕێگری لێبکرێت؟] (Brush and Cobb, 2024).


مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥


بکرێت بەتایبەت لە چوارچێوەی رژێمە دیکتاتۆریەکان یاخود ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی چاودێریکردنی چڕی کەسەکان پەیڕەو ئەکەن. هەربۆیە یاسادانەران دەبێت هاوسەنگیەکی ورد بکەن لە نێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا بۆ رێگەگرتن لە زیان و بەرەنگاربوونەوەی تاوان لە کاتێکدا پارێزگاری لە ماف وئازادییە بنەڕەتییەکان دەکەن[١٠]. ئەمە رەنگە پێویستی بە تێهەڵکێشکردنی هەردوو پارێزگارییە بابەتی و رێوشوێنییەکان هەبێت کە رێنوینی کراو بێت بە ستاندەرە بنەرەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی ڕەوایەتی و پێویستی و گونجان و جیاکاریی نەکردن. جگە لەوەش بە لەبەرچاوگرتنی خێرایی لەڕادەبەدەری پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، ئەو یاسایانەی کە بۆ چارەسەری مەترسی ئەم شێوازانەی توندوتیژی دادەنرێن، لە ئاسۆی کاتێکی کەم و کورت مەودادا وایان لێ دێت کە پەیوەندییان بپچڕێت یاخود کۆن و سواو بن. بۆیە بەرچاورونیی و پێشبینیی گەورە پێویستن بۆ دانانی یاسا بەروونی و بەوردیی و لەهەمان کاتدا پاراستنی رووبەرێکی شایستە و هەبوونی مرونەت بۆ رێگەدان بە خۆگونجاندن وجێبەجێکردنی شێوازە تازە دەرکەوتووەکانی چالاکی تاوانکاریی[١١].

هەروەها پێویستە کە درک بەوە بکەین کە یاسا، لەکاتێکدا کە بنەڕەتییە، بەڵام بەتەنها بەس نیە. بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرگرتن لە ئەنجامدەرانی توندوتیژیی ئەلکترۆنی و هاندانی قوربانییەکان بۆ ریپۆرتکردن لەبارەی ئەو پێشێلکارییانەوە و گەڕان بەدوای پاڵپشتییەکاندا، پێویستە یاساکان لە ژینگەیەکدا دابڕێژرێت کە لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتیی تیادا بێت نەك پارێزبەندیی کە ئەمەش تێهەڵکێش بکرێت بە جێبەجێکردنێکی بێ لایەنانە و یەکانگیر. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئاڵۆزی ئەو تاوانانە، توانا و شیاوی دامەزراوەی گونجاو و ژێرخانێکی ئەلکترۆنی و شارەزایی هونەری و سەرچاوەکان پێویستن و داواکراون بۆ پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنێکی کاریگەرانەی یاساکە. لەوەش زیاتر، چوارچێوەی یاسایی لە کاتێکدا کە ئێجگار گرنگە، ئەبێ وا سەیر بکرێت کە تەنها یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی چارەسەرێکی گشتگیر. توندوتیژی ئەلکترۆنی دیاردەیەکی ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە کە پێویستی بە دەستێوەردانی فرەڕەهەند و سەراپاگیر هەیە. رێگەچارەی (کۆی سیستەمەکان) بۆ بەرەگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلکترۆنی پێویستە - لەگەڵ بوونی سیاسەتی تێهەلکێشراو و هەماهەنگ و کرداری هاوبەشی فرە لایەنیی و فرە سێکتەریی - بۆ زامنکردنی کارایی ستراتیجیەتەکانی خۆپارێزی و کەمکردنەوەی مەترسیەکان و وەڵامدانەوە.

## پێوەرە نێودەوڵەتییە پەیوەندییدارەکان

لەگەڵ هاتنی ئەم سەدەیە و گۆڕانکاری جیهان بەشێوەیەکی وردە وردە لە پشتبەستن بە ئامێرە ئەنەلۆگەکانەوە بۆ تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵیەکان، ژمارەیەك پەیماننامەی نیودەوڵەتی کراون بە یاسا کە هێڵە سەرەکییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دیاری ئەکەن لە رەهەندی دیجیتاڵیدا. لە نێویاندا سێ بەرچاوترین چوارچێوەی یاسایی کە لەلایەن ئەنجومەنی ئەوروپاوە بەرهەم هێنراون :

### پەیمانامە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی ئەورووپا




پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان یاخود
**پەیماننامەی بۆداپست**

پەیماننامە لەسەر پاراستنی منداڵان
لە دژی خراپ بەکارهێنان و خراپ
مامەڵەکردنی سێکسی یاخود
**پەیماننامەی لانزارۆتی**

پەیماننامە لەسەر قەدەغەکردن و
بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ
بە ئافرەتان و توندوتیژی خێزانی
**پەیماننامەی ئیستەنبوڵ**

---

١٠ تێگەشتنە جیهانیەکان لە سەر یاساکانی تاوانە ئەلیکترونیەکان (AllahRakha, 2024, p. 9).

١١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩.



**مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥**

پەیماننامەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان یاخود پەیماننامەی بۆداپستی پەسەندکراو لە ٢٠٠١ دا یەکەمین ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بوو بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکارییە ئەلکترۆنییەکان (ئۆنلاین). ئەم پەیماننامەیە هەندێك هێڵی ڕێنوێنی لەخۆ ئەگرێت بۆ دەرچواندنی یاساگەلێکی تاوانکاریی ناوخۆیی گشتگیر – بە ئاوێتەکردنی ئامرازە بابەتی و ڕێوشوێنیەکان- بۆ پەرەپێدان بە چوارچێوەیەکی گشتی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلکیترۆنیەکان و بەهێزکردنی هەماهەنگی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ئەم هەڕەشە نێودەوڵەتییەدا. پەیماننامەی بۆداپست چەندین کرداری تاوانکاریی بەتاوان ناوزەد دەکات کە لەڕێگەی ئەنتەرنێت و تۆڕەکانی دیکەی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێن، کە لەدەست پێگەیشتنی نا یاساییوەدەست پێ دەکات هەتاوەکو دەستوەردان لە داتا وسیستەمەکان و هەتا تاوانی فێڵکاریی پەیوەست بە کۆمپیوتەرەوە وهەتا بابەتی سێکسی منداڵان[١٢]. گرووپی کاری پەیمانەمەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لەسەر گێچەڵکردنی ئەلکترۆنی و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی ئەلکترۆنی بەتایبەت دژ بە ژنان و منداڵان کاردەکات بۆ گونجاندنی دەقەکانی ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ چوارچێوەکانی دیکەی پاراستنی ژنان و منداڵان، وەك پەیماننامەکانی ئیستەنبوڵ و لانزارۆتی. پەیوەستبوونی ئەم پەیماننامەیە بە کرداری توندوتیژی ئەلکترۆنییەوە و بەو کردارانەی کە ئاسانکاریی بۆ توندوتیژی ئەلکترۆنی[١٣] دەکەن کە بریتین لە ( بەکارهێنانی سیستەمەکانی کۆمپیوتەر بۆ بوون بە هۆکار یا ئاسانکاریکردن یا هەڕەشەکردن بە توندوتیژی دژ بە تاکەکان کە دەبێتە هۆی یاخود دەکرێ ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی یا سێکسی یا دەروونی یا ئابووری کە ڕەنگە ئەم کردەوانە بارودۆخی کەسەکان یا تایبەتمەندییەکانیان یاخود لاوازییەکانیان بقۆزێتەوە[١٤]. ئەم پێناسەیە زنجیرەیەك تاوان دەگرێتەوە لەناویاندا هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی و گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی و ناوزڕاندن و زۆرلێکردن و هەڕەشەی توندوتیژی و هەڕەشەکردنی ئەلکترۆنی وهەرەشەکردنی سێکسی و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی لە سەر بنەمای وێنە و شوێنکەوتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵانی ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا وهی دیکەش.

پەسەندکردنی پەیماننامەی پاراستنی منداڵان لەدژی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی یاخود پەیماننامەی لانزارۆتی لەساڵی ٢٠٠٧دا بووە هۆی فراوانبوونی ڕێنمونیەکان بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئامراز و ڕێوشوێنە یاساییەکان بۆ پاراستنی منداڵان. ئەم پەیماننامەیە یەکەمین ڕێکەوتنامەی هەرێمی بەرجەستە ئەکات کە بە تایبەت تەرخانکراوە بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی سێکسی و هەروەها یەکەمین دۆکیومێنتی نێودەوڵەتییە کە کرداری لەخشتەبردن یاساغ دەکات و وەکو تاوان دەیناسێنێت -سەرباری بە تاوان ناساندنی چەندین شێوازی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی –لەناویاندا لەشفرۆشی[١٥] و بابەتی سێکسی منداڵان و بەشداری پێکردنیان لە ئەنجامدانی بابەتی سێکسیدا و هاندانی منداڵان بۆ سەیرکردنی بابەتی یاخود کاری سێکسی ڕاستەوخۆ و لەخشتەبردنی منداڵان بۆکاری سێکسی. هەروەها ئەم پەیمانامەیە کۆمەڵێك ڕێوشوێن بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەو تاوانانە ودادگاییکردنیان پێشکەش دەکات. پەیماننامەی لانزارۆتی هەروەها هەندێك ڕێوشوێن و ئامرازی تری خۆپارێزی لەخۆ دەگرێت کە خۆی دەبینێتەوە لە تاقیکردنەوە و دامەزراندن و بنیاتنانی تواناکانی ئەو کەسانەی لەگەڵ منداڵاندا کاردەکەن و هۆشیارکردنەوەی منداڵان خۆیان و ڕێوشوێنی چاودێری کردن بۆ تاوانبار و ئەوانەی ئەگەری ئەنجامدانی ئەو تاوانانەیان هەیە و میکانیزمەکانی هەواڵدان و هێڵی یارمەتی بۆ ئاسانکردنی دەستوەردان و پرۆگرامی فەراهەمکردنی پاڵپشتی بۆ قوربانیان. لیژنەی لانزارۆتی رایەکی تەفسیری دەرکردووە لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی پەیماننامەی لانزارۆتی لەسەر تاوانە سێکسیەکانی دژ بە منداڵان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاکانی زانیاری و پەیوەندی کردنەوە. وهەروەها جارێکی راگەیاندووە لەسەر پاراستنی منداڵان لە دژی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی ئاسانکراو بە تەکنۆلۆژیا کە توانای جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە پشتڕاست دەکاتەوە بۆ سەر توندوتیژی ئەلکترۆنی و بانگهێشتی وڵاتانی ئەندام ئەکات تیایدا کە منداڵان بپارێزن لە دژی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی ئاسانکراو بەم ئامرازانە.

لەساڵی ٢٠١١دا ئەنجومەنی ئەورووپا (پەیماننامە لەسەر قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژ بە ژنان وتوندوتیژی خێزانی) پەسەندکرد یاخود پەیماننامەی ئیستەنبوڵ. ئەم چوارچێوە داهێنەرانە توندوتیژی دژ بە ژنان وەك یەکێك لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و یەکێك لە شێوازەکانی جیاکاریی دەناسێنێت و یەکەمین دۆکیومێنتی یاسایی پابەندکەرە لە ئەورووپا کە هەندێك پێوەر پشتڕاست ئەکاتەوە بۆ خۆپارێزی و پاراستنی قوربانیان و دابینکردنی خزمەتی پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووان و ئەوانەی لە ژێرمەترسیدان و بۆ لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە. لە چوارچێوەی ئەم ڕێکارە گشتگیر و سەراپاگیرەدا پەیماننامەی ئیستەنبوڵ وڵاتانی ئەندام پابەند دەکات کە چەندین

---

١٢ دستەاژەی (بابەتی سێکسی منداڵان - المواد الإباحية للأطفال) لە چوارچێوەی دەقی هەردوو پەیماننامەی بۆداپست ولانزارۆتی بەکاردەهێنرێن. بەهەرحاڵ دەستەواژەکانی (بابەتەکانی خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان) و (بابەتەکانی خراپ بەکارهێنانی سێکسی منداڵان) بەشێویەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی ببنە جێگرەوەی بابەتی سێکسی منداڵان چونکە ئەو دەستەواژانە کەمتر شەرمهێنەرن و ژمارەیەکی بەرفراوانی بابەت لەخۆئەگرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : چاپی دووەمی (ڕێبەرەکانی دەستەواژەکان بۆ پاراستنی منداڵان لە خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی.(ECPAT International 2025,Section F.4.i)

١٣ ئاماژەی پێکراوە بە (توندوتیژی سایبەر لەلایەن (T-CY) هەرچەندە کە هەردوو دەستەواژەکە بەهاوواتایی (لەبری یەکتر) بەکارئەهێنرێن.

١٤ خوێندنەوەی ڕووپێوی لە سەر توندوتیژی ئەلیکترونی (COE T-CY, 2018, pp. 5-6).

١٥ دستەواژەی لەشفرۆشی لە چوارچێوەی دەقی پەیماننامەی لانزارۆتی دا بەکارهاتووە . بەهەرحاڵ دەستەواژەی خراپ بەکارهێنانی منداڵان بۆ لەشفرۆشی بەدیلێکی باشترە چونکە کەمتر شەرمهێنەرە وبەڕوونی جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵان لەو ڕێگایەدا وەکو قوربانی بەکاردەهێنرێن. تکایە بڕوانە چاپی دووەمی(ڕێبەرکانی دەستەواژەکان ی پاراستنی منداڵان لە خراپ بەکارهێنان وخراپ مامەڵەکردنی سێکسی) ( ECPAT International 2025 Section E )

شێوازی توندتیژی دژ بە ئافرەتان، لەناویاندا لەرێگەی یاساغکردنی کردەوەی تاوانی نوێ و زامنکردنی ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوەی کاریگەر و ناساندنی کۆمەڵێك ڕێوشوێنی دادوەریی کە تیایاندا قوربانی ناوەند بێت و دابینکردنی پاراستن و خزمەتگوزارییە گونجاو و بەردەستەکان وەك پەناگە (شێلتەر) و سەنتەرەکانی قەیران و هێڵەکانی یارمەتی و وەبەرهێنان کردن لە کەمپەینی هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن و ڕاهێنانی کەسانی پسپۆڕدا کە کار لەگەڵ قوربانییەکاندا دەکەن و هەروەها فەراهەم کردنی بەرنامەکانی چارەسەرکردن بۆ تاوانباران. جێگەی ئاماژەیە کە پەیماننامەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەندبوونی بەردەوام و کاری بەکۆمەڵ لە هەموو لایەنە پەیوندییدارەکان لەسەر هەموو ئاستەکان و بانگهێشتی پەرپێدانی کۆمەڵە سیاسەتێکی هەماهەنگ و تێهەڵکێشراو دەکات بۆ پاڵپشتی ڕێگەچارەی (هەموو سیستەمەکان) بۆ ریشەکێشکردنی توندوتیژی. گرووپی شارەزایانی ڕێکەوتنامەکە لەسەر کارکردن لە دژی توندوتیژییی دژ بە ئافرەتان و توندوتیژی خیزانی دواتر یەکەمین (پێشنیاری گشتی) خۆی پەسەندکرد لەسەر (ڕەهەندی دیجیتاڵی توندوتیژی دژ بە ژنان)ی تەرخانکراو بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی پەیماننامەی ئیستەنبوڵ بۆ پێشێلکارییە ئەنجامدراوەکان لەبواری دیجیتاڵیدا یان لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە لەنێویاندا چەندین تاوان کە دەکەونە ناو جۆرە بەرفراوانەکانی هەراسانکردنی سێکسی ئۆنلاین و شوێنکەوتنی ئۆنلاین یا شوێنکەوتن لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و توندوتیژییە دەروونییەکان.

لە کاتێکدا عێراق پەیوەندی نەکردووە بەو چوارچێوانەوە و بەشێک نیە لە پابەندییەکانی، پێوەرەکانی ئەنجومەنی ئەورووپا کە لە پەیماننامەکانی بۆداپست و لانزارۆتی و ئیستەنبوڵ دا هاتوون هاوتەریب لەگەڵ دەقە یاساییە نەرمەکان، کۆمەڵێک پێوەری بەهادار و ڕێنوێنیکار بۆ وڵاتان لە چارەسەرکردنی توندتیژی لە ژینگەی دیجیتاڵیدا[١٦] دەخەنە ڕوو، کە دەکرێت بەکاربهێنرێن بۆ خستنەبەرچاوی پێشکەوتنی پرۆسەیەکی بەهێزی یاسادانانی ناوخۆیی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلکترۆنی دژ بە ژنان و منداڵان.

نزیکتر لەم دواییانەدا، لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢٤وە، دوای پێنج ساڵ لە دانوستانی فرەلایەن، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی دژی تاوانە ئەلکترۆنیەکانی پەسەندکرد کە یەکەمین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لە بواری تاواندا بەرجەستە ئەکات کە کرابێتە یاسا لە زیاتر لە بیست ساڵدا. وەهەروەها بەرجەستەی یەکەمین دۆکیومێنتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکات لەسەر بابەتی سایبەریی و بەردی بناغە دانپێدانراوە لەشەڕی دژ بە هەڕەشە سایبەرەکاندا[١٧]. بە پێچەوانەی پەیاننامەی بۆداپستەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆڵی بینی وەك چوارچێوەیەکی سەرەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی تاوانی ئەلیکترۆنیەکان، پەیماننامە نوێیەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دانوستانی لەلایەن ژمارەیەکی چڕتر و هەمەجۆرتری وڵاتانی ئەندامەوە بۆ کراوە. ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕاسپاردەیەکی فراوانتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ پەیماننامەی بۆداپستدا کە لە تەنها جەختکردن لەسەر بە تاوان ناساندن و دەسەڵاتە ڕێوشوێنییەکان و هاوبەشپێکردنی بەڵگەدا درێژ دەبێتەوە بۆ چارەسەری زنجیرەیەکی فراوانتری کێشەکان وەکو ڕێوشوێنەکان بۆ ڕێگریکردن لە تاوانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی سەروەری وڵات[١٨]. هەروەها ئەم پەیماننامەیە چوارچێوەیەکی فراوانتر دەڕەخسێنێت بۆ هەماهەنگی نێودەوڵەتی کە هاریکاری هونەریی و بونیادنانی توانا لەخۆ ئەگرێت بۆ وڵاتانی تازەگەشەکردوو[١٩]. پەیماننامەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا هەندێك کردار و هەڵسوکەوت بە تاوان دەناسێنێت کە پەیوەستە بە بابەتەکانی خراپ بەکارهینان یاخود خراپ مامەڵەکردنی سێکسی دژ بە منداڵان و هەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردنی منداڵان بۆ مەبەستی کاری سێکسی و بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو بە بێ ڕەزامەندی. بەم پێیەش پەیمانامەکە بناغەیەکی بەهێز فەراهەم دەکات بۆ چارەسەرکردنی خراپ مامەڵەکردن وخراپ بەکارهێنانی سێکسی منداڵانی ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیاوە و شێوازە باوەکانی دیکە لە توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا لە یاسای ناوخۆییەکاندا[٢٠]. بەهەرحاڵ ئەم چوارچێوە هاوچەرخەش بە پێودانگی ئەوەی کە سەرکەوتنێکە بۆ فرەلایەنی بەڵام ڕووبەڕووی ڕەخنەبووەوە لەلایەن داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و پسپۆڕانی ئاسایشی سایبەریی و لایەنە پەیوەندییدارەکانی دیکەوە بەهۆی نەبوونی دڵنیایی و گەرەنتیەکان و ئەگەری خراپ بەکارهێنانی و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بوونی هاوسەنگی لەنێوان حەوکەمەی دیجیتاڵی و پابەندبوون بە پرەنسیپە جێگیرکراوەکان لە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا لە کاتێکدا ئەو پابەندییانە دەخزێنرێنە ناو یاسا نیوخۆییەکان. لە کاتێکدا مۆرکردنی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی دژی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لەلایەن (٤٠) وڵاتەوە پێویستە بۆ ئەوەی ڕێکەوتنەکە بکەوێتە بەرکار، هاوکات پەسەندکردنی ئەم پەیمانامە نوێیە بایەخ پێدانێکی جیهانی پیشان دەدات بە لە پێشینەبوونی شەڕی دژ بە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان، و هەروەها دانپیانانێکی بەرفراوان پیشان دەدات بۆ پێویستی هەبوونی چەند چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشە ئەلیکترۆنیەکان.

١٦ سەرنجەکانی بەشی پاراستنی منداڵان لە ئەنجومەنی ئەورویا لە سەر تێبینیەکانی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ لە بارەی سەرنجی گشتی لە سەر مافەکانی منداڵان لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا. (COE, 2019, p. 3).

١٧ ئنتەرپۆڵ دەستخۆشی لە دەرکردنی پەیمانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دژی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان دەکات (INTERPOL, 2024).

١٨ شیکاریی بەراوردکاریی: پەیمانامەی بۆدایست و پەیمانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دژی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان. (DigWatch, 2024).

١٩ - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٠ پەیمانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دژی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان. مادەکانی ١-١٤

## ژینگەی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا

لە ئێستادا پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەرەکی کە توانای جێکردنەوەی هەیە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە کاتی دەرکردنی یاسای نێوخۆیی لەسەر توندوتیژی ئەلیکترۆنی بریتیە لە ڕێکەوتنامەی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی کە لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە لەساڵی ٢٠١٠وە پەسەندکراوە و عێراق لەساڵی ٢٠١٣وە ئیمزای لەسەر کردووە. هاوشێوەی پەیماننامەی بۆداپست، ئەم ڕێکەوتنامەیە هەندێك بابەت لەخۆ دەگرێت لەسەر تاوانەکانی تایبەت بە تەکنۆلۆژیای زانیاری کە بۆ خۆیان شێوازێکن لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی یاخود هەندێك کردارن کە ئاسانکاریی بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی دەکەن. هەروەها ڕێکەوتنامەکە کۆمەڵێک ڕێسای ڕێکاری بۆ لێکۆڵینەوەکردن و میکانیزەکانی هەماهەنگی یاسایی یا دادوەری لەنێوان وڵاتانی ئەندام لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ ئامانجی کۆتایی کە پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندی وڵاتە عەرەبیەکانە و پاراستنی کۆمەڵگە و تاکەکانیانە. بە پێچەوانەی پەیماننامەی بۆداپستەوە لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا، ئەم ڕێکەوتنامەیە زۆر بە بەهیزی و زەقی جەختی کردۆتەوە سەر پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی وڵاتان بەڵام بە شێوازێکی لاواز بۆ پاراستنی مافە تاکەکەسییەکان و ئازادییە مەدەنیەکان. هەروەها پەیمانامەکە بە شێوەیەکی کارا نەگونجێنراوە و ئاوێتە نەکراوە لەگەڵ پەیمانامەکانی دیکەی  تایبەت بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا. وەك وڵاتێکی ئەندام لە پەیمانامەی عەرەبی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی، عێراق پابەندە بەتێهەڵکێشکردنی دەقەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە لەگەڵ یاسای نێوخۆیی خۆیدا. سەرباری ئەم پابەندییانەش، بەهەرحاڵ عێراق وهەرێمی کوردستان هێشتا چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر و روون و تۆکمەیان نیە بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی.

لەساڵی ٢٠٠٨دا هەریمی کوردستان یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردنی دەرچواند کە پەیوەندیدارترین یاسایە کە تا ئەمڕۆ دەرچوێندرابێت بۆ شەڕی دژ بە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی. هەرچەندە یاسایەکە چەند شێوازێکی توندوتیژی ئەلیکترۆنی بە تاوان دەناسێنێت وسزا بۆ ئەنجامدەرانی دیاری دەکات بەڵام بەشێوەیەکی گشتگیر و بە ڕوونی دەستنیشان یاخود پێناسەی تاوانە پەیوەستەکان ناکات و چارەسەری توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئاسانکراو بە تەکنۆلۆژیا و تاوانەکانی خراپ بەکارهینان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیاوە ناکات کە بەم پێیەش هەندێك پێشێلکاری بەجێ دەهێڵێت کە دەبێ لە چوارچێوە یاساییەکانی تردا چارەسەر بکرێن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە یاساکە بە دیاریکراوی هیچ دامەزراوەیەك یا ئاژانسێکی حکومی ڕانەسپاردووە بۆ ئەوەی وەڵامی توندوتیژی ئەلکترۆنی بداتەوە وە هیچ رێوشوێنێکی بابەتی یا رێکاری  نەهێناوەتە ئاراوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانانە بەڵکو لە بری ئەوە پشت دەبەستێت بە چەند دامودەزگا و پرۆسەیەك کە داڕێژراون بۆ توندوتیژی و تاوانە نا ئەلکترۆنیەکان. هەرچەندە یاساکە چەند رێوشوێنێکی بنەرەتی  لێپرسینەوەی لەخۆگرتووە بۆ کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن وەك پێویستی تۆمارکردنی هەموو ئامێر و سیمکارتەکان بەناوی بەکارهێنەرەوە و لەکارخستنی ئەوانەی کە بەتۆمار نەکراویی دەمێننەوە، بەڵام ئەو دەقانە پێویستیان بە جێبەجێکردن هەیە. لە کۆتاییدا یاسایەکە  ئەو میکانیزمانەی لە خۆنەگرتووە کە تایبەتن بە خۆپارێزی و بەرگرتن لە توندوتیژی ئەلکترۆنی و فەراهەمکردنی پاڵپشتیە پێویستەکان بۆ قوربانیان و رزگاربووان و تێهەڵکێشکردنی بنەمای بە ناوەندکردنی قوربانی و بنەمای مافەکانی مرۆڤ بە ڕێوشوینە دادوەرییەکان و خستنەرووی چەند رێوشوێنێکی گونجاوی پارێزگاریی دژ بە سەرکوتکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە رەهەندی دیجیتاڵیدا.

لە ساڵی ٢٠١١دا رەشنووسی یاسایەك لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان پێشکەش کرا بۆ ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق و دواتر دووبارە پێشکەش کرایەوە لەساڵی ٢٠١٩دا. لەکاتێکدا چەندین هەوڵ هەبووە بۆ بە یاساکردنی ئەم رەشنووسە لە کاتی دروستبوونیەوە بەڵام هەبوونی نیگەرانی بەربڵاو دەربارەی کەم وکورتییەکانی و ئەگەری ئەوەی کە ئازادی رادەربڕین سنووردار بکات نەتواندرا دەربچوێندرێت

لە سایەی نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیردا لە بارەی ئەم کێشەیەوە، ئەوا هەندێك لە پێشێلکارییە ئەلکترۆنیەکان دەکرێ چارەسەربکرێت لە ڕێگەی ئەو یاسایانەی کە بۆ رێکخستنی تاوانە تەقلیدییەکان و لەدەرەوەی رەهەندی ئەلیکترۆنیدا دەرچوێندراون. دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن لە خێزان و خوێندنگە و کۆمەڵگەدا قەدەغە دەکات[٢١]. یاسای سزاکانی عێراقی هەموارکراو ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩کە یاسای سەرەکی جێبەجێکراوە بەسەر رەفتاری تاوانکارییدا و هەندێك کرداری وەك هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و جنێودان و بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان و دروستکردن یاخود هەڵگرتن یاخود گواستنەوەی (دەستا و دەستپێکردن)ی بابەتی نەشیاو و هەروەها خراپ بەکارهێنانی پەیوەندییەکان لە ریگەی  ئامێری وایەردار یا بێ وایەرەوە بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ[٢٢]. هەروەها ژمارەیەك یاسای دیکەی تایبەت لەسەر بازرگانی

٢١ بروانە دەستووری کۆماری عێراق ی ساڵی ٢٠٠٥ ومادەدەی (٤/٢٩).

٢٢ بروانە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩، ماددەکانی (٣٦٣) و(٣٩٣-٤٠٣) و(٤٣٠-٢٣٨).


**مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥**

کردن بە مرۆڤ[٢٣] و لەشفرۆشی و توندوتیژی خێزانی هەن کە هەندێك دەقی یاسایی لەخۆدەگرن کە دەکرێت وا لێکبدرێنەوە کە جێبەجێ دەبن لەسەر ئەو پێشێلکارییە ئەلیکترۆنیانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو تاوان و کەیسانەی لەو یاسایانەدا ڕێزکراون. لەکاتێکدا لەڕووی تیۆرییەوە، لەوانەیە دەقە یاساییە بەرکارەکان کە داڕێژراون بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە نا ئەلیکترۆنیەکان جێبەجێبکرێت لەسەر چەندین شێوازی توندوتیژییە ئەلیکترۆنیەکان[٢٤] و بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردن لەسەر ئەو بنەمایە بەڵام جیاوازی لێکدانەوەکان لەسەر بابەتەکە و چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاساکە و ئەو دامەزراوانەی کە بە دیاریکراوی دەسەڵاتیان پێدراوە بۆ وەڵامدانەوە دەبێتە هۆی ناڕوونی و تەڵخبوون لە بابەتی لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی و هێنانەکایەی لێکدانەوەی جۆراوجۆر و ناتەبا لە کەیسەکان و پرۆسەکانی دادگاییکردن.

هەندێك لەو چوارچێوانە تەنانەت دەکرێت بەکاردەهێنرێن بۆ لێپرسینەوەی جەزایی لە قوربانییانی توندوتیژی ئەلکترۆنی بەپێی سروشتی تاوانەکە. جگە لەوەش پێشکەوتنە زۆر خێراکان لە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا بەردەوام ئامرازی تازە بەرهەم دەهێنن بۆ چالاکی تاوانکاریی کە بەردەوام لە گەشەکردندان. ئەمەش دەرەنجام دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پرۆسەی ڕێکخستنی ڕەفتارە ئەلیکترۆنیەکان کە پێویستی بە پەیرەوکردنی ڕێگەچارەی مۆدێرن و گونجێنراو هەیە بۆ خۆپارێزی و بەرگرتن و دیاریکردنی تاوانەکان و کردارەکانی شیاندنەوە.

ئەم تێکەڵەیە لە یاسا جەزاییە گشتی و تایبەتیەکان، کە بە پلەی جیاوازی ئەگەری جێبەجێکردنیان هەیە، ئاڵەنگاری جەوهەریی دروست ئەکەن بۆ وەڵامدانەوە بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە عێراقدا. ژینگەی یاسایی ئێستای عێراق چەندین کەلێنی مەترسیداری تێدایە کە دەکرێ لەلایەن ئەنجامدەرە پێشبینیکراوەکانی تاوانەوە بقۆزرێنەوە[٢٥]. بەم پێیەش ئەو کەلێنانە بەشدار بن لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان و منداڵان. بوونی ئەو کەلێنانە هەروەها توانای دامەزراوە پەیوەندیدارەکان ئاڵۆز دەکات بۆ دروستکردنی وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر و هەماهەنگ و یەکانگیر، هاوکات کۆسپ ئەخاتە بەردەم توانای دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە دادپەروەری و خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوانەی کە کاریگەر بوون بەم جۆرە توندوتیژیانە.

٢٣ بۆ نموونە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ی ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠١٢ لەعێراقدا و ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستاندا و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی و کاری سێکسی و هاورەگەزبازی ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٨٨ ی عێراقی هەموارکراو و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٨٨ لە هەرێمی کوردستاندا، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستاندا.

٢٤ خوێندنەوەی ڕوپێوی لە سەر توندوتیژی ئەلیکترونی. (COE T-CY, 2018, p. 5).


٢٥ یاساکانی تایبەت بە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان: چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان بۆ حوکمەیەکی کاریگەر. (Suleiman et al., 2023, p. 40).


**مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥**

## چی وا دەکات کە چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز دروست بێت بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی

ئەو یاسایەی کە دادەڕێژرێت بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی پێویستە گشتگیر و سەراپاگیر بێت و نەخشەڕێگایەکی کرداری فەراهەم بکات کە زەمینەسازی بەدیهێنانی وەڵامدانەوەیەکی ئامانج روونی هەبێت لەهەموو قۆناغەکاندا. هەربۆیە پێویستە یاساکە کۆمەڵە دەقێك لە خۆبگرێت کە ئامانجیان خۆپاێزی بێت لە توندوتیژی و پاراستنی قوربانییەکان و دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکان و فەراهەمکردنی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەوانەی زیانمەند بوون و هەروەها پێشینەیەك دروست بکات بۆ پێشخستن و جێبەجێکردنی کۆمەڵێك سیاسەتی ڕێکخراو لەهەموو سێکتەرەکاندا و لەسەر هەموو ئاستەکان- بۆ دروستکردنی ڕێگەچارەی (کۆی سیستەمەکان) بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشە مەترسیدارە. بەهۆی خێرایی گەشەکردنی بواری ئەلیکترۆنیەوە، دەکرێت پرۆسەی یاسادانانیش سوودمەند بێت لە میکانیزمێکی چاودێریکردن وەك دامەزراندنی پرۆسەیەك یاخود لیژنەیەك کە پێداچوونەوە بکات بۆ ئەوەی کە ناوبەناو هەڵسەنگاندن بکات بۆ کارایی چوارچێوەکە و دیاری بکات کە ئایا خۆگونجاندنەکان پێویستن یاخود نا بۆ دڵنیابوون لەخۆگرتنی شێوازە نوێیە دەرکەوتووەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی و جێبەجێکردنی یاساکە بە سەریاندا.

## پێکهێنەرە سەرەکیەکاني چوارچێوەیەکی یاسایی بە هێز بۆ چارەسەری توندوتیژی ئەلیکترۆنی




وەك پرەنسیپی یەکەم پێویستە یاسای داڕێژراو بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی بە پرۆسەیەکی راوێژپێکردن و بەشدارپێکردنی بەهێز و چڕدا تێپەڕێ و پەرەی پێ بدرێت، لەناویاندا لەگەڵ رزگاربوواندا بۆ زامنکردنی ئەوەی کە ئەزموون و راوبۆچوون و پێداویستییەکانیان بناسرێن و دیراسە بکرێن بۆ ئەوەی کە چارەسەرە پێشنیارکراوەکان وەڵامدەرەوە و گونجاو بن بۆ ئەو مەبەستە. پێویستە بنەمای بەناوەندکردنی ڕزگاربوو و بنەمای پشت بەستوو بە مافی مرۆڤ و بنەمای هاوڕێ بە منداڵان تێهەڵکێش بکرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە شکۆی رزگاربووان و خۆشگوزەرانی و هیواکانیان بنەمای هەر کردارێك پێك ئەهێنن و لە ناوەندی هەموو پرۆسەکاندا دەمێننەوە. ئەمەش پارێزگارییە بەهێزەکان و رەزامەندی بە ئاگا و پرۆتوکۆلەکانی نهێنیپارێزی لەخۆدەگرێت. ئەم لەخۆگرتنە دان بەوەدا دەنێت کە پارێزگاری لە سەلامەتی و ئاسایشی رزگاربووان گرنگییەکی بێ ئەندازەی هەیە لە وەڵامدانەوەکاندا و ئەوە لە بەرچاو دەگرێت کە میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە دەکرێت کە خراپ بەکاربهێنرێن یان ئەوەی کە دەکرێت مەترسی نوێ بێتە ئاراوە کاتێک داتای زیاتر کۆدەکرێتەوە لەسەر پێشێلکارییە هەستیارەکان یان کاتێک پرۆسەی لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوان دەستپێدەکات.

بەتاوان ناساندنی کردار و هەڵسوکەتە ئەلیکترۆنییەکان بریتیە لە پرۆسەیەك کە دەبێت بەوریاییەوە لێی نزیك ببینەوە چونکە ئەگەری هەیە کە بەرکەوتن دروست بکات لەگەڵ هەندێك ماف و ئازادییە سەرەکییەکان لەرەهەندی دیجیتاڵیدا، لە نێویاندا مافی تایبەتمەندێتی و پاراستنی زانیاری کەسی وهەروەها ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەوانی و میدیا و مافی گربوونەوە و کۆبوونەوە. بوونی پێناسەی ناڕوون و دەقی ناڕوون لە یاساکەدا کە دەسەڵاتێکی تەقدیریی بەرفراوان دەبەخشێت بە دەسەڵاتەکان لە جێبەجێکردنی یاسادا دەکرێت خراپ بەکاربهێنرێت بۆ سنووردارکردنی گەیشتن بە زانیارییەکان یاخود بۆ سەرکوتکردنی رای جیاواز. هەر بۆیەش پێویستە یاسای دەرچوێنراو بۆ مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی هاوسەنگییەکی ورد ڕابگرێت لە نێوان بەرژەوەندییە پارێزراوەکاندا لە پاراستنی سیستەم و بەرپەرچدانەوەی تاوان وە لە هەمان کاتیشدا زامنی ئەوە بکات کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان سنوردار ناکرێن. هەر سنوردارکردنێک دەبێت پێویست و گونجاو بێت کە تیایدا بە ڕوونی رەفتارە تاوانییەکان دەستنیشان کرابن و پێناسەکان دیاری کرابن بۆ ئەوەی تاکەکان پێشوەخت بزانن کە هەڵسوکەوتە گونجاوەکان چۆنن و پەرە بە تێگەیشتنە هاوبەشەکان بدات دەربارەی ئەوەی کە چ هەڵسوکەوتێک تاوانە. سزا دیاریکراوەکان ئەبێت پێویست و گونجاو و هاوئاستی ئەو تاوانانە بن کە ئەنجام دراون و وەک پێویست بن بۆ بەرگرتن لە تاوان. ناساندنی ڕێوشوێنە تاوانکارییە نوێیەکان بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردنی توندوتیژیی ئەلکترۆنی – لەناویاندا ئەوانەی کە


مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥

پەیوەندیدارن بە دۆزینەوەی تاوانە بە تەکنۆلۆژیا ئاسانکراوەکان و دەستڕاگەیشتن و کۆکردنەوەی و بەڕێوەبردنی بەڵگەی ئەلیکترۆنی – پێویستە پارێزگارییە گونجاوەکان لە خۆبگرێت بۆ پاراستنی مافی کەسەکان لە تایبەتمەندێتی و پاراستنی زانیاری کەسیی و دەسەڵاتە بەخشراوەکان بە دامودەزگاکان رێك بخات بۆ خۆلادان لە سنووربەزێنی دەسەلات.

جگە لە دیاریکردن و پێناسەکردنی تاوانەکان و دیاریکردنی سزاکان و وێناکردنی رێوشوێنەکان بۆ لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردن، یاسای داڕێژراو بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی پێویستە پێگەیەکی یاسایی سەرەکی بۆ قوربانیان و رزگاربووان دروست بکات وەك ئەوەی کە هەن و دەقبەندیی لەسەر ئەو رێگەچارە و قەرەبوو و پاڵپشتیانە بکات کە ئەوان شایستەی بەدەستهێنانیانن لەسەر ئەو بنەمایە. لە هەندێك حاڵەتدا بە پێی یاسا جەزاییە بەرکارەکان قوربانییەکانی هەندێك شێوازی دیاریکراوی توندوتیژی ئەلیکترۆنی وەکو خراپ مامەڵەکردنی سێکسی لە سەر بنەمای وێنە و بابەتەکانی تایبەت بە خراپ مامەڵەکردنی منداڵان لەوانەیە رووبەڕووی لێپێچینەوە و دادگاییکردن ببنەوە بەهۆی بەشداریکردنی راستەقینە یا گریمانەیی خۆیان لەبەرهەمهێنانی ئەو بابەتانەدا. هەربۆیە یاسادانان لەسەر ئەم بابەتە پێویستە ئەرکی ڕاستکردنەوەی ئەم مەترسیانەی هەبێت و وا لە رزگاربووانی پێشێلکارییەکە نەکات کە پاڵنەریان لانەمێنێت بۆ هەواڵدان و شکایەتکردن و ئەوە مسۆگەر بکات کە دەتوانن دەستیان بگاتە پاراستن و دادپەروەریی و بایەخپێدانی پێویست لە دوای ئەوەی کە زیانیان پێ دەگات وە وەکو قوربانی مامەڵیان لەگەڵ بکرێت. سەرباری ئەوەش، یاسای داڕێژراو پێویستە دەق بکات لەسەر مامەڵەکردنێکی دادپەروەرییانە لەگەڵ رزگاربووانی توندوتیژی ئەلکترۆنی لەوانە بەدەستهێنانی پاراستنی جەستەیی و چاودێری شێلتەر و زانیاریی و ڕاوێژی یاسایی و یارمەتیدانی پزیشکی و دەروندروستی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی. هەروەها پێویستە یاساکە میکانیزمی هەواڵدانی ڕوون و رێگاکانی هەواڵەکردنی (ئیحالەکردن)ی حاڵەتەکان بە شێوەیەکی سەلامەت لە خۆبگرێت کە لە رێیانەوە رزگاربووان بتوانن دەستیان بگات بەو فریاگوزارییانە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکردن و دادگاییکردن و دواتریشدا.

پێویستە ئەوە یاسایەی کە دادەڕێژرێت بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی ئەلیکترۆنی چەند دەقێك لەخۆ بگرێت بۆ خۆپارێزی و بەگرتن لە ڕوودانی زیان یاخود دووبارەبوونەوەی. دەکرێت ئەو دەقانە چەند پرۆگرامێکی ڕۆشنبیری نیشتمانی و چەند کەمپەینێکی هۆشیارکردنەوە لەخۆبگرن بۆ بونیادنانی توانای خوێندەواری ئەلیکترۆنی و پەرەپێدان بە پەیڕەوە ئەلیکترۆنییە سەلامەتەکان و ئاشناکردنی جەماوەر بە ترس و مەترسییە باوەکان و فەراهەمکردنی زانیاری لەسەر چۆنێتی گەڕان بەدوای یارمەتییدا. هەروەها یاساکە دەکرێت چەند دەشتپێشخەرییەك لەخۆبگرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو بارودۆخانەی کە ئاسانکاریی بۆ توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەکەن یاخود توندوتیژی ئەلیکترۆنی بە ئاسایی دەکەن یاخود دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندین خاڵی لاوازیی نا هاوسەنگ بۆ گروپە لاوازەکان ئەمەش لە رێگەی سود وەرگرتن رۆڵی میدیا و خوێندنگە و دامەزراوە گشتیە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نا یەکسانی و نەهێشتنی گێرانەوە نەرێنییە باوەکان و پەرەپێدانی رێزی دوولایەنە و ستراتیجەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەك کە هەموو لایەك واهەست بکەن کە سەرکەوتوون[26].

پێویستە پابەندییە ڕێکخراوەکان و میکانیزمەکانی لێپرسینەوە دابمەزرێت بۆ دابینکەرانی خزمەتگوزاریە ئەلیکترۆنییەکان و کۆمپانیاکانی تەکنولۆژیا بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئامێرەکان بە شێوەیەکی گونجاو تۆمار بکرێن و کۆت و بەندی تەمەن دابنرێت لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکان و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و ئامرازەکانی سەلامەتیی بەردەست بێت و پرۆتۆکولەکانی تایبەت بە پێداچونەوەی ناوەڕۆک دابنرێت وچەند میکانیزمێکی روون و ئاشکرای هەواڵدان و رێوشوێنەکانی سڕینەوە و لابردن بەرقەراربکرێن[27]. هەندێك رێوشوێنی خۆپارێزی دیکە کە دەکرێت بە شێوەیەکی تایبەت گرنگ بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دژ بەمنداڵ لە راهێنانی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ منداڵاندا کاردەکەن و چاودێریکردنی تاوانباران و ئەو کەسانەی کە مەترسی ئەنجامدانی تاوانیان لێدەکرێت.

بۆ بونیادنانی پەیکەرێکی دامەزراوەیی پێویست بۆ وەڵامدانەوەیەکی کاریگەری گشتگیر و تەواو بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی، یاسا پێویستە چوارچێوەیەکی ڕوون فەراهەم بکات کە هەموو ئاژانسە پەیوەندییدارەکان دەستنیشان بکات و ڕۆڵ و لێپرساوێتیەکانیان دیاری بکات وهەندێ دەق لەخۆ بگرێت بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە دەرامەت و کەرەستەیان بە شێوەیەکی شایستە بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی ئەو پابەندییانە بەجێ بگەیەنن. ئەمەش وادەخوازێت کە دەزگایەک یا دامەزراوەیەکی نیشتمانی فرە لایەن و فرە سێکتەر دابمەزرێنرێت کە دەسەلاتی هەبێت بۆ سەرکردایەتییکردنی وەڵامدانەوەیەکی گشتگیر - زامنی هاوئاوازیی و تەواوکەریی ئەم وەڵامدانەوەیە بکات لەگەڵ سیاسەت وستراتیجیەت و پلانەکانی کاری نیشتمانیدا و چاودێری هەماهەنگی نێوان حکومەت و لایەنەکانی تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بکات و خزمەتگوزاری و تواناکان پێش بخات لەناو وڵاتدا و چاودێری و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات بۆ پێشکەوتنەکان و ئیدارەی هەماهەنگی و هاوبەشی نێودەوڵەتی بکات بەمەبەستی پاڵپشتیکردن لە وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر بۆ تاوانە رێکخراوەکان. هەروەها پێویستە یاسا ئەوە لەخۆبگرێت کە ئاژانسێکی یاخود یەکەیەکی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسا دەبمەزرێت و ڕاسپارەدەیەکی ڕوونی هەبێت بۆ بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی ئەلکترۆنی و

---

٢٦ هاوتەریب لەگەڵ دەقەکانی پەیماننامەی ئیستەنبوڵدا و پێشینەکانی دامەزراو لەلایەن میکانیزمی بەدواداچوون بۆ پەیماننامەی (MESECVI ) (Belē do Parē) بۆ پەرەپێدانی ( [یاسایەکی نموونەیی لەسەر توند وتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئاسانکراو بە تەکنۆلۆژیا]).

٢٧ بۆ پێوەرێکی جیهانی لەسەر ئەوەی چۆن یاسادانان کاری کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆجیا رێك بخەن بۆ ڕەچاوکردنی سەلامەتی لە کاتی دیزاین و شەفافیەت و لێپرسراوێتی و لێپرسینەوە تکایە بروانە : (([STAR Framework] (CCDH,2022)).

زانیاریی و کەرەستەی هونەری پێویستی لە بەردەستبێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هەستیار وئاڵۆزەکان. گرنگە کە یاسا هەندێك دەق لەخۆ بگرێت بۆ زامن کردنی ئەوەی کە هەموو ئاژانسە سەرەکییەکان کە ڕاسپاردەی پەیوەندیداریان هەیە لەشەڕی دژ بە توندوتیژی ئەلیکترۆنی سوودمەند بن لە دەرفەت و بەرنامە تایبەتکراوەکانی بە هێزکردنی تواناکان و بودجەیەکی گونجاو تەرخان بکرێت بۆ ئاسانکارییکردنی جیبەجێکردنی پابەندییە یاساییەکانی تایبەت بەخۆیانیان.

## پێشنیارەکان

لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە خێراکان سنوورەکانی چالاکی تاوانکارییان فراوانتر کردۆتەوە و بوونەتە هۆی دروستکردنی مەترسی نوێ بۆ گروپە لاوازەکان و پێویستیان بە کۆمەڵێك چارەسەری پشت بەستوو بە سیاسەتی خۆگونجاندنکاریی هەیە. پێویستە لایەنە حکومیە پەیوەندارەکان کاری خێرا و توندوتۆڵ بکەن بۆ چارەسەری هەڕەشەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی و پاراستنی ماف و پاراستنە بنەڕەتییەکان لە ڕەهەندی دیجیتاڵیدا.

- پێویستە حکومەتی عێراقی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان ئیمزا بکات و پابەندیی خۆیی دووپات بکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئەلیکترۆنی و سەرکردایەتیەکی بەرچاوروونانە بنوێنێت لە چارەسەرکردنی مەترسیە قورسەکانی سەر ژنان و منداڵان بە هەڵگرتنی پابەندیی نێودەوڵەتی بۆ بە تاوان ناساندنی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان ئاسانکراو بە تەکنەلۆژیا و شێوازی دیکەی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئاسانکراو بە تەکنۆلۆجیا وەکو دابەشکردنی ناویستانەی وێنە نەشیاوەکان لە یاسای ناوخۆیی خۆیدا.

- پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر ئەنجام بدەن بۆ کەموکووڕییەکانی یاسا بەرکارەکانی ئێستا لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەهێزی ڕاوێژکارییەوە لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان و کارکردن بۆ دارشتنی یاسایەکی نوێ یان هەموارکردنی یاسا بەرکارەکان بۆ :
    - دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر و بەهێز بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکارییە ئەلیکترۆنیەکان کە هەندێك ڕێوشوێن لەخۆ بگرێت بۆ خۆپارێزی و بەرگرتن لە توندوتیژی و پاراستنی قوربانییەکان و دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوان و فەراهەمکردنی قەرەبوو بۆ ئەوانەی کە کاریگەربوون بەهۆی توندوتیژییەکانەوە.
    - بونیادنانی پەیکەرێکی دامەزراوەیی پێویست بۆ وەڵامدانەوەیەکی کاریگەری گشتگیر و تەواو بۆ توندوتیژی ئەلیکترۆنی کە ئاژانسێکی تایبەت یا دامەزراوەیەکی فرە لایەن دیاریبکات بە ڕاسپاردەیەکی یاسایی روون و ئاشکراوە و بە ڕوونی دەستنیشانکردنی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تر و ڕۆڵی تایبەتیان لەجێبەجێکردندا.

- لە سایەی نەبوونی یاسایەکی گشتگیردا لەسەر ئەم بابەتە و لە هەوڵە بەردەوامەکاندا بۆ چارەسەری توندوتیژی ئەلیکترۆنی، پێویستە هەردوو حکومەتەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان پابەند بن بە پێوەرە یاساییە نێودەوڵەتی و باشترین پێڕەوەکانەوە کە لە پەیماننامەکانی بۆداپستی ئەنجومەنی ئەوروپا و لانزارۆتی و ئیستەنبوڵدا جێکراونەتەوە[28]- و کاربکەن بۆ بەهێزکردنی جیبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان بەهاوتەرییی لەگەڵ ئەو چوارچێوەیەدا.

[28] پەسەندکردنی ئەم پەیماننامانە پێویست نین بەڵکو تەنها بۆ سوود بینین لەناواخنەکانیان، کە دەکرێت وەك ڕێنوێنێك یا لیستێکی پشکنین یاخود تەنانەت وەك یاسایەکی نموونەیی بۆپاڵپشتیکردنی پێشخستنی یاسای نێوخۆیی ڕۆڵ ببینێت.


مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ©٢٠٢٥